

**دەریـا ڕەوانـدزی**

# ئەی چارەنوس

گەر بە کوردیش لە دایک نەبوومایە
ئەوە بە پەلە هەر دەچوومە پاڵ
ئەم میللەتە زوڵم لێکراوە

1
ئەی چارەنوس،
لێم گەڕێ
پشوێك بدەم
با شەپۆلەکانی ناخم
بۆ خۆشبەختی و
ئازادی مرۆڤایەتی بێ
با هەناسەم
لەسەر کەشتی دادپەروەری بێ
نامەوێ تیژ رەو بم
لەو کاتانەی ناسکی ناخم
دەنگی باڵندەیەك دەبیستێ
حەز دەکەم
بەهەموو جیهان پەرت ببم
بۆ ئاسودەیی و ئازادی
مرۆڤەکان.
2
لەناخمدا...
مەشخەلێکی ئاسمانی هەیە
دلۆپەکانی خوێنم
دەسوتێنێ و
تەواوی ترپەکانی دڵم
نوێژێکە
لەپێناوی ئازادی مرۆڤایەتی.

3
هەموو ڕۆژێك
لەبەر دەرگا دەوەستم
حەز دەكەم
گوڵی سەربەستی
لەسینەی
مرۆڤی ئازادیخواز بدەم
عەتری دنیا كۆكەمەوە
جیهان بەخۆشەویستی و ئازادی
مەست كەم
دەنگی مرۆڤی ئازاد
لەهەموو ماڵێك بەرز ببێتەوەو
ئاسمان پڕ بێ
لەئازادی و خۆشەویستی
ئەو كات...
دەستی تۆ دەگرم و
وەك باڵندە
بەرز دەفڕین و
دەگەین بەخۆری ئازادی.
4
بێدەنگ نابم
لەئاست زولم و ستەم
وا دەبێنم
ئەو دایكانەی،
دەستیان خستۆتە سەر دڵیان
چاوەڕوانن جەنگ تەواو بێ و
كوڕە تاقانەكان بگەڕێنەوە
هاوار دەكەم
من شەپۆلی دەریای گەلم
یاخی دەبم
كەشتی زولم و ستەمكاران
سەرو ژوور دەكەم
تاقانەكان دەهێنمەوەو
خۆشەویستەكان شاد دەكەمەوە
ئازادی بۆ مرۆڤەكان دەسێنمەوە
ئا منم دەریا گەل و نیشتمان
سنورەكان تێكدەشكێنم
ئاگری شەڕ كپ دەكەم و
خۆشبەختی دەبەخشمەوە
بەتەواوی ماڵەكان.

5
نارۆمەوەو
چرکەکانی جەنگ دەژمێرم
زوڵم و ستەمەکانتان دەپێچمەوە
گریانی مناڵەکان
لەزیندانی چاوەڕوانی
دەردێنم و
بەسەر پشتی "با" وە دێم
ئازادیتان بۆ دێنم
لەگەڵ باران ئاوێتە دەبم
زولم و ستەم
بەشەپۆلی فرمێسکەکان
دەروخێنم
یاخی دەبم
دەمامکی زالمەکان
هەڵدەدەمەوە
ناوی نیشتمان دەگۆڕم
بەناوی دایکی میهرەبان.
6
هەموو کات
تکا لەخودام دەکەم
لەنێو پێخەڤەکەم نەمرم
زۆر حەز دەکەم
لەمەیدانی جەنگدا
خوێنم لێ بچۆڕێ
بۆ ئازادی و خۆشەویستی
با تەمەنم کۆتایی بێ
شکۆمەند بم
بەئارامی و ئاسودەیی
لەڕێگای عیشق و ئازادی.
7
ئەی چارەنووس
تۆ پێم بڵێ
مردنێکی وا شکۆمەند
چاوەڕوانیم دەکات
یاخود
بەشێوەیەك دەمرم
پێخەڤەکەم
لێم بێزار بێ؟!

8

بێدەنگ نابم
هەر دێمە دەنگ
دژی جەنگ و زولم و ستەم
گەر ئێوارەیەك
وەك مەسیح
بەرەو
لەخاچدانم بەرن
پەشیمان نابم
با لەخاچم دەن
شكۆمەندم
سەربەرزم
گەر لەرێگای ئازادی و
مرۆڤایەتی بمرم!.

دەریا رەواندزی